گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هەڵوێستە کانی مەرجەعیەتی شیعە لە پرۆسەی سیاسی لە عێراق دوای ٢٠١٤

**صباح صبحي حيدر**
بەشی سیستەمە سیاسیەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی صلاحدين، هەولێر، هەریمی کوردستان، عیراق.
Sabah.subhi@gmail.com

**رێکار حسن محمد**
بەشی سیستەمە سیاسیەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی صلاحدين، هەولێر، هەریمی کوردستان، عیراق.
Rekar.hassan5@gmail.com

## پوختە

پرۆسەی دروستکردنی بریار پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و بەچەندین قۆناغدا تێپەردەبێت و چەندین فاکتەری ناوخۆی و دەرەکی کاری تێدەکەن، لە چوارچێوەی عێراقدا فاکتەرگەلێک هەن بۆ سەر پرۆسەی دروستکردنی بریار لە نێویشیاندا مەرجەعیەتی باڵای شیعە، کە لە پێشەنگی ئەو لایەنانەیە کە رۆڵیان هەیە، بەگشتی ئەم رۆڵەشی دوای روخانی رژێمی بەعس بە دیار دەکەوێت و، خۆی لە چوارچێوەیەکی رێنمویدا نیشان دەدات، بەڵام دوای سەرهەڵدانی داعش و مەترسییەکانی بە دەرکردنی فتوایەك بۆ بەرەنگاری، لێکەوتەکانی ئەو فتوایە مەرجەعیەت رۆڵێکی سیاسیەنەی وەبەر کەوت لە نێو پرۆسەی سیاسی عێراقدا.

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٩/٢٩
پەسەندکردن:٢٠٢١/١٠/٢٧
بڵاوکردنەوە: هاوینی ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
*Iraq. Shia, Marji, Ali al-Sistani, Decision makin.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.2.11

## پێشەکی

مەرجەعیەتی ئایینی، پێگەیەکی بەرز و دەسەڵاتێکی ڕوحی باڵای لە ناوەندی شیعیدا هەیە و خاوەن پێگەیەکی جەماوەری گەورەیە کە وای لێدەکات ببێتە دەسەڵاتێکی گرنگ بۆ بەڕێوبردنی شوێنکەوتووانی، سەرەڕای ئەوەی لە دەرەوەی دەسەڵاتە هاوچەرخەکان کار دەکات, لە هەمان کاتیشدا خاوەن دەسەڵاتێکی جێبەجێکاری و هێزێکی دیاریکراوی ماددییە بۆ سەپاندنی بڕیارەکانی. پێگەیەکە گەیشتن پێی دژوارە. پێویستی بە خاوەنداریەتیی تایبەت و مەرجی زۆر هەیە. هەر کەسێکیش پێی گەیشت بێت، پێشتر پلەیەکی باڵای بڕیوە لە خواپەرستی و خۆنەویستی و توانەوە لە پەرەستنی خودای باڵادەست.

مەرجەع پێویستی بە پلەیەکی باڵایە لە خاکەڕایی کە ئەمەش پێگەی پێ دەبەخشێت و وادەکات دڵەکان داگیر بکات و خەڵکیش ملکەچی بێت. بە پێی چەمکی مەزهەبی شیعی، ئەو پیرۆزییە ئایینی و ڕوحییە، خەسڵەتێکی باوکانەی هەیە وەک پێشەوایەکی هەڵەنەکار (المعصوم). مەرجەع بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتە زۆرەی هەیەتی.

بە قوڵی ناخزێنینە نێو مێژووی پەیوەندیی نێوان ئاین و سیاسەتەوە، بەڵام لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە، ململانێی شیعە و سوننە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پرۆسەی سیاسی هەبووە، بەجۆرێك هەڵوێستە سیاسییەکان بە گشتی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس دەرهاویشتەی ئەم دابەشکارییە مەزهەبییە بوون، و نەمانی ڕژێمی سەدام حسێن ـیش لەسەر دەسەڵات کە بە نەمانی هەژموونی سوننە هەژمار دەکرێت و قۆناغی دواتری بە سەردەمی دەسەڵاتی شیعە لە عێراق ناودەبرێت، سەرەڕای ئەوەی مەرجەعیەتی باڵای شیعە و خودی ئایەتوڵا عەلی سیستانی ـش، هەمیشە لە هەڵوێستەکانیان جەختیان لە خۆبەدوورگرتن و دوورەپەرێزی لە کایەی سیاسی دەکردەوە، بەڵام ڕۆڵ و هەژموونی ئەم مەرجەعیەتە بە ڕوونی دەبینرێت، وەك ئەو دەسەڵات و پێگە ئایینییەی شیعەکانی عێراق بۆی دەگەڕێنەوە لە میانی هەڵوێست و بڕیارەکانیان.

لە عێراق، شیعە زۆرینەن، تا ڕادەیەك کە دەستیان بەسەر جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی سیاسیدا گرتووە، ئەگەرچی بانگەشەی پەیڕەوکردنی "بنەمای سازان" دەکرێت، بەڵام پەیڕەوکردنی دەسەڵات و مۆدێلی زۆرینە هەمیشە مایەی گازندە و ڕەخنەی پێکهاتەکانی دیکەی بووە لە عێراق.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەرجەعی ئاینی بە درێژایی چەندین سەدە خەریکی پیادەکردنی دەسەڵاتی ڕوحی باڵا بووە لە ئاراستەکردنی نەتەوە و یەکلاکردنەوەی بژاردە و جووڵەکان بە هەردوو دیوە ئەرێنی و نەرێنییەکانیان و پاراستنی کیان و پاڵپێوەنانی بەرەو داواکردنی مافە ڕەواکان. ئەمە ڕۆڵێکە هەمیشە مەرجەعیەت لە قۆناغە جیاوازەکاندا باجی بۆ داوە بە تایبەت لە سەردەمی ڕژێمی بەعسی پێشووسەرەڕای ئەو فشارانەی ڕووبەڕووی مەرجەعیەت بوونەتەوە لە زۆربەی قۆناغەکان، بەڵام کۆڵیشی نەداوە لە ڕووبەڕووبوونەوە و هەرگیز پەیوەندی مەرجەعیەت و شوێنکەوتوانی کە بەردەوام پەنای بۆ براوە لە بارودۆخە ناهەموارەکان، نەپچڕاوە بە تایبەت لەو کاتانەی پێویست بووە خوێنیشی بۆ بدرێت.

سەرەڕای ئەوەی مەرجەعیەتی ئایینی بەشێوەیەکی ئاشکرا بڕوای بە بەشدارییەکی ئاشکرای کاری سیاسی نییە،بەڵام دانەبڕاوە لە پرۆسەی سیاسی و هەر ئاستەنگ و قەیران و هەڵدێرێك کە ڕووبەڕووی میللەت بووبێتەوە، بەڵکو لە زۆربەی کاتدا گەر هەلی بۆ ڕەخسابێت بۆ یەکڕیزی و کۆدەنگی قۆستوویەتیەوە، هەرچەندە ئەو یەکڕیزی و کۆدەنگییشە چەند لاواز بووبێت بنبڕ نەبووە لە هیچکام لە قۆناغەکان، هەروەها توانیوەیەتی بگات بە جەماوەری خۆی لەهەر ناوچەیەك کە پێگەیشتنیشی دژوار بووبێت، بەڵکو مەرجەعیەت توانی لە هەندێك قۆناغدا سەرلەبەری هاوکێشە و ململانێکان بگۆڕێت و دەستی تێیاندا هەبێت و کاریگەری دروست بکات لە دیاریکردنی شێوە و سیستمی فەرمانڕەوایی ئەویش لە ڕێگەی ئاراستەکردنی ڕای گشتی تا بتوانێت فشار بخاتە سەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی و هەڵبژاردنی دەستەبژێری سیاسی و کۆکردنەوەیان لە ژێر چەتری کاریگەری خۆیەوە.

## گرنگی توێژینەوە:

بڕیارە سیاسییەکانی شیعە، پڕن لە نمونەی هەنووکەیی کە ڕەفتارێگەلێکی گرنگ دەبینرێت وەکو کاریگەری دروستکردن لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی، کە زانین و پەی بردن بەو دیوە شاراوەیەی نێو پرۆسەی سیاسی عێراق بە ئامانجی تێگەیشتن لە تێڕوانینی دروستکەرانی بڕیاری سیاسی.

## ئامانجی توێژینەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ شرۆڤەکردنی ئەو رۆڵە باڵایەی مەرجەعیەتی ئایینی تا دەست بگرێت بەسەر واقعی عێراق و دروستکردنی بڕیاری سیاسی و ئاراستەکردنی رای گشتی، عێراقێکی دوای رژێمی رووخاوی بەعس و بوونی هیزە هاوپەیمانەکان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر ڕادەی ئاستی کاردانەوەی شەقامی شیعی بۆ ڕاسپاردەکانی مەرجەعیەت و بڕوابوون پێی لەو وڵاتە فرەمەزهەب و نەتەوەیەی کە بە قۆناغێکی هەستیار و ناشازدا تێپەڕی.

### پرسیاری سەرەکی توێژینەوە

رۆڵی سەرەکی مەرجەعیەتی ئاینی شیعە لە پرۆسەی دروستکردنی بریاری سیاسی لە عێراق دوای ٢٠١٤ کە ئەرکێکی سیاسی زیاتری بەخۆی بەخشی؟

### گریمانەی توێژینەوە

مەرجەعیەتی ئاینی شیعە لە عێڕاق رۆڵێکی گەورە و کاریگەر دەگێرێت لە نێو کایەیی سیاسی بەگشتی و پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی بە تایبەت، لە پاڵ سەرجەم فاکتەرەکانی تری کاریگەر بەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیارەوە لە عێراق.

### میتۆدی توێژینەوە:

لە ڕێگەی مێتۆدی وەسفی شیکاری ئیستقرائیە میتۆدێکی گونجاوە بۆ ئەم جۆرە توێژینەوانە، هەستام بە خوێندەوەی هەندێك لایەنی بڕیارە سیاسییەکانی شیعی لە عیراق، چونکە لایەنە سیاسییەکان زۆرن، ئەکرێت هەر بڕیارێکی سیاسی ئاماژە بێت بۆ لایەنێکی کەسی یاخود ئایینزای دیاریکراو، بۆیە تەنها چەند بڕیارێکی سیاسیی مەرجەعی شیعیمان دیاری کرد، بەڵام سەبارەت بە میتۆدی شیکاری و ئیستقرائی، پێویست بە پێدانی وینەیەکی ڕاستەقینە لەسەر (رۆڵی مەرجەعیەتی شیعی لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە عێراق لە دوای ساڵی ٢٠١٤ی زایینی) بوو و پەیوەندی بە مەرجەعەکانی ترەوە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و ئاشکراکردنی ئامانجە باڵاکان کە تێدەکۆشێت بۆ بەدیهێنانیان. هەرچەندە بەکارهێنانی مەنهەجی شیکاری لە توێژینەوەدا حەتمییە، چونکە ماستەرنامە خۆی لە خۆیدا پشت بە شیکارە سیاسییەکان دەبەستێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەشی یەکەم

# چوارچێوەی تیۆری

## باسی یەکەم/ چەمکی مەرجەعیەتی شیعی

شیعە پێکهاتەیەکی گەورەی ئایینی خودی ئایینی ئیسلامە و بەشێکی سەرەکیی دانیشتوانی عێراق پێك دەهێنێت و ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە لە ناوچەکەدا و لێرەداشدا لە دووتوێی سێ داواکراوی سەرەکی ئاماژە بە شیعە و، زاراوەی مەرجەعیەت و سەرچاوە شەرعیەکەی دەکەین.

### داواکراوی یەکەم: چەمکی مەرجەعیەتی ئایینی

### مەرجەعیەت لە ڕووی زمانەوانییەوە

بریتییە لە ناوێکی تاکی مێینە کە دراوەتە پاڵ مەرجەعیەتی ئایینی یان دەسەڵات یان لایەن یان کەسێك کە ئایینزایەکی دیاریکراوی هەبێت و فەرمانی بەسەردا بکرێت.[1]

بە کتێب ئەوترێت مەرجەع، چونکە بۆ زانینی پرسە زانستی و ئەحکامەکان بۆی دەگەڕێینەوە. وشەی مەرجەعیەت لە قورئان و سوونەتەکانی پێغەمبەری ئیسلام و لە هیج کتێبێکی میراتی ئیسلامیشدا بە دەق نەهاتووە کە ئاماژە بێت بۆ دامەزراوەیەکی ئایینی، بەڵام لە قورئانی پیرۆزدا خودی وشەی مەرجەع لە شازدە شوێن بەکار هێنراوە، بۆ نمونە (***إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ***)2 بە واتەی گەڕانەوە بۆ خوا دێت، هەر بەم شێوەیەش لە فەرمودەکانی پێغەمبەر و زۆربەی کتێبە میراتییەکانی ئیسلامدا هاتووە و دەبینرێت.

### مەرجەعیەت لە ڕووی چەمکەوە

زانا کۆنەکان ئەم زراوەیان بە کار نەهێناوە، بەڵکو لە کتێبە هاوچەرخەکاندا بڵاو بووەتەوە و شیعەی ئیمامی بەزۆرترین بەکاربەری ئەم زاراوەیە دادەنرێن و مەبەستیشیان لەم زارەوەیە پێشەوا داهێنەر و بێ هەڵەکانە (الأئمة المجتهدین المعصومین) کە کۆکراوەی ئەو مەرجە شەرعییانەن کە لە نامە

[1] الدكتور أحمد مختار عبد الحميد عمر، معجم اللغة العربية المعاصرة، 863/2

[2] المائدة: 48

زانستییەکەیاندا لەسەریان نووسراوە.[3] بەڵام شوێنکەوتووانی ئەهلی سوونە زاراوەکەی مەرجەعیەت بە دوو مانا بە کار دەهێنن:

**یەکەم: مەرجەعیەتی** هزری (مرجعية الفكرة) کە خۆی لە بژاردەی فقهی و عەقائیدی و سلوکیدا دەبینێتەوە.

**دووەم؛ مەرجەعیەتی تاکەکان:** بریتین لە فقە و زانایان کە بۆ زانین و تێگەیشتن لە ئەحکامەکانی شەرع بۆیان دەگەڕێنەوە، بەپێی ئەو مەزهەبەی هەڵیانبژاردوە.[4]
"مەرجەع" یا "مەرجەعیەتی ئایینی"، لە مانای زمانەوانیدا بە واتای سەرچاوەی گەڕانەوەی خەڵکە بۆ هەر پرس و ڕایەک کە هەیانبێت، چ لە مانا زمانەوانییەکەی و چ لە زاراوەییەوە ئەوە ڕوونە کە مەرجەع کەسێکە خەڵک دەگەڕێنەوە بۆیان بەتایبەت لەو بابەتانەی کە لێیان ئاڵۆز دەبێت، لە عێراق لە کەسایەتی سیستانیدا بەرجەستە بووە..[5]

**داواکراوی دووەم: چەمکی شیعە**

**شیعە لە ڕووی زمانەوانییەوە:** لە قاموسی المحیط دا هاتووە (شيعة الرجل أتباعه وأنصاره) واتە "شیعەتی پیاو، شوێنکەوتووان و پاڵپشتیکەرانیەتی"، وشەی شیعە ئەدرێتە پاڵ (تاک، جووت، کۆ، نێر و مێ). بە شێوەیەکی گشتی دابڕاوە بەسەر ئەو کەسانەی کە شوێنکەوتووی ئیمامی عەلی و بنەماڵەکەی ئەون، تا بووە ناوێکی تایبەت بەوان.[6]

---

[3] وسائل الشيعة، 101/18.

[4] حسين بركة الشامي ,محمد مهدي الأصفي المفكر, الداعية والإنسان محطات ومواقف، ط1، 2015م، دار الإسلام بغداد، ص/24.

[5] یاسین تەها، سەرچاوەکانی هێزی مەرجەعیەتی شیعە، لێکۆڵینەوە، ماڵپەڕی پەیسەر، ٢٠١٩/٥/١٦، مێژووی سەردانیکردن: ٢٠٢٠/١١/١٤.https://www.peyserpress.com/detail .

[6] القاموس المحيط، مادة شـاع، مجد الدين أبو طاهر محمد بن يعقوب الفيروزآبادى (المتوفى: 817هـــ)، تحقيق: مكتب تحقيق التراث في مؤسسة الرسالة، بإشراف: محمد نعيم العرقسوسي، مؤسسة الرسالة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت – لبنان، ط8، 1426هـ - 2005م، 47/3.

بەڵام لە (مختـار الصحـاح)دا هاتووە: "شیعەتی پیاو، شوێنکەوتن و سەرخستنیەتی"، بەشیعەتکردنی پیاو ئەوەیە کە بانگەشەی شیعەبوون بکات. هەر نەتەوەیەك کەسێکی شیعە مەزهەب فەرمانڕەوایی تێدا کرد و خەڵک شوێنی ڕێنماییەکانی کەوتن کەواتە ئەو خەڵکە شیعەن، لەمەشەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە زاراوەی شیعە دائەبڕێت بەسەر سەرخەران و شوێنکەوتووانی.[7]

**شیعە لە ڕووی چەمکەوە**

لەسەر ڕۆشنایی فەرمووده و بۆچوونی زانایان دەربارەی مانای "شیعە" یاخود "تەشەیوع"، بۆمان دەردەکەوێت کە بەو کەسانە دەوترێت شوێنکەوتووی (ئیمام عەلی) و لە ئیمامەتکردندا دەیخەنە پێش پێشەواکانی ترەوە و لە سەرووی هەموو یاوەرانی تری پێغەمبەرەوە تەماشای دەکەن. ئیمام (ابو الحسن ألأشعري) فەرمویەتی: ***(وإنما قيل لهم الشيعة؛ لأنهم شايعوا علياً رضوان الله عليـه، ويقدمونـه على سائر أصحاب رسول الله صلى عليه وسلم)***. واتە: پێیان وترا شیعە لەبەر ئەوەی شوێنی ئیمام عەلی کەوتن، لە سەرووی کۆی یاوەرانی پێغەمبەرەوە هەژماری دەکەن.[8]

## باسی دووەم / تیۆری دروستکردنی بڕیاری سیاسی

بڕیاری سیاسی ئەو بڕیارەیە، یەکێك لەو کۆمەڵە فاکتەرە جیاوازە لە خۆ دەگرێت کە گرنگترینیان ئەوەیە دەرچوبێت لەلایەن کەسێك، کە سیفەتێکی سیاسی هەبێت یان لەلایەن یەکێك لە دەزگاکانی دەسەڵاتی سیاسییەوە، یان دەرچووبێت سەبارەت بە بابەتێکی پەیوەست بە سیاسەتی گشتیی دەوڵەتەوە.[(9)]

[7] مختار الصحاح، مادة شـاع، زين الدين أبو عبد الله محمد بن أبي بكر بن عبد القادر الحنفي الرازي (المتوفى: 666هـــ)، المحقق: يوسف الشيخ محمد، المكتبة العصرية - الدار النموذجية، بيروت – صيدا، الطبعة: الخامسة، 1420هـــ - 1999م، ص/353.

[8] علي بن إسماعيل الأشعري أبو الحسن و علي بن إسماعيل الأشعري أبو الحسن، مقالات الإسلاميين واختلاف المصلين، دار حياء التراث العربي – بيروت، الطبعة الثالثة، تحقيق: هلموت ريتر، 65/1 .

[9] مارسيل بريلو، ترجمة محمد برجاوي، علم السياسة، من منشورات عويدات، بيروت، ص/11.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بڕیاری سیاسی هەر جۆرێک بێت، سیاسی یاخود ڕۆژانە دەبێت یەكێك لەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:

یەکەم: ڕەوایەتی واتە وێنەیەك بێت لەدەسەڵاتی یاسایی ڕێگەپێدراو.

دووەم: پابەندکردن، بە مانای بوونی هێزێك بۆ جێبەجیکردنی.

سێیەم: گشتیبوون واتە پەیوەست بێت بە کاروباری گشتی و پێویستییە سەرەکییەکانی تاك لە کۆمەڵگە.[10]

یان کرداری نەخشەدانانی ئابووری و گشتی لە کۆتایدا پێویستی بە بڕیاردان بێت لەلایەن سەکردایەتی سیاسییەوە لە وڵاتدا، بێگومان دەبێت ئەو سەرکردایەتییە دەسەڵاتی ڕاقەکردنی ئەو دەقەی هەبێت بۆ گەل و پابەندیان بکات پێوەی،[11]

نەخشەی پێشخستنی ئابوری و کۆمەڵایەتی بەوە ناسراوە پێویستی بە ناوەندێکە کە بڕیاری نەخشەی سەرەکی لێوە بدرێت، و سیفەتی ئیلزامی هەبێت بەسەر هەموو ئاستەکاندا، لێرەدا گرنگی بەشداریکردنی جەماوەر دەردەکەوێت لە داڕشتنی بڕیاری نەخشەداناندا، پێش ئەوەی شێواز و ناوەڕکی کۆتای خۆی وەربگرێت.[12]

**داواکراوی یەکەم؛ تیۆری دروستکردنی بڕیار**

ئەم میتۆدە یەکێکە لە بەکارهێنراوترین میتۆدەکان لە لێکۆڵینەوەی دیاردە سیاسییەکاندا. لە ڕوانگەی ئەم میتۆدەوە سیستەمی سیاسی میکانیزمێکە بۆ دروستکردنی بڕیارەکان، هەروەها پرۆسەی دروستکردنی بڕیار وەزیفەیەکە هەموو سیستەمێکی سیاسی بەرکەوتنی لەگەڵی هەیە و بەشێکی سەرەکییە لە ژیانی هەموو سیستەمێکدا، چ سادە بێت یاخود ئاڵۆز، سوونەتی بێت یان نوێ، دیموکراسی بێت یاخود نادیموکراسی. ئەم گشتیبوونەش بواری زیاتر و فراوان بەم میتۆدە دەدا کە بەسەر زۆرێك لە سیستەمە جیاوازەکاندا جیبەجێ ببێت.[13]

[10] ثروت بدوي، النظم السياسية، دار النهضة العربية القاهرة 1989م، ص/4

[11] المصدر السابق، ص/8.

[12] مارسيل بريلو، المصدر سابق، ص/18.

13 د.كمال منوفی، و:ئاوات ئەحمەد، تۆرەکانی سیستمە سیاسییەکان، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، چاپخانەی یاد، ل ١٤٩.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

''ڕیچارد شنایدەر'' یەکەمین زانای سیاسییە لە بواری شیکردنەوەی دروستکردنی بڕیار، گەرچی ئەو لە بنەڕەتدا ئەم چوارچێوەی لە لێکۆڵینەوەی سیاسەتی دەرەکی بە کار هێناوە، بەڵام بە دووریشی نەزانیوە بە کار بهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە هەموو دیاردە سیاسییەکانی تر. ''ماکردیس'' یەکێکە لە یەکەمینەکانی ئەو زانایانەی چەمکی دروستکردنی بڕیاریان خستۆتە ناو چوارچێوە شیکارییەکانەوە.[14] دروستکردنی بڕیار ئاماژەیە بۆ پرۆسەی کارلێککردنی سەرجەم ئەو لایەنانەی بەشداری دەکەن لە داڕشتن و دانانی سیاسەتی گشتیدا جا هەڵگری سیفەتی فەرمی بن یاخود نافەرمی، ئامادەکردنی بڕیارەکان وەک بەشێکی سەرەکی دامەزراوە سیاسییەکان وەهایە، دامەزراوەکان لە سەربناغەی هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکان و گفتوگۆکردنیان، یەکێکیان بە کار دەهێنن بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی بەرۆکی سیستەمەکە دەگرن.[15]

## داواکراوی دووەم: چوارچێوەی دروستکردنی بڕیار

چوارچێوەی دروستکردنی بڕیار خۆی لە سێ تەوەری سەرەکیدا دەبینێتەوە کە دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە ئاماژەی پێ بکەین:

### یەکەم: دیاریکردنی دروستکەرانی بڕیار

یەكێك لە تەوەرەکانی میتۆدی دروستکردنی بڕیار بریتییە لە ڕۆشنایی خستنە سەر توێژی ئەو بکەرە سیاسییانەی کە پێیان دەوترێت (دروستکەرانی بڕیار) لە هەموو سیستەمێکدا چەند دامەزراوەیەك، یان چەند کەسێك هەن بڕیارەکان دروست دەکەن. ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی پێکهاتە یان پێشینە یان خاسیەتە کۆمەڵایەتییەکانی دروستکەرانی بڕیار هەیە، ئەو خاسیەتانەش وەك چەند کلیلێکی گرنگ بۆ ڕەفتارەکانیان وەهان، دەشێت بەشێوەیەکی مەیدانیانە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت، ئەویش بە کۆکردنەوەی داتای تایبەتی دەربارەی (چەشن، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، ئایا

14 هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠.

15 حمايدي دنيا، اتخاذ القرار في المنظمة بين العقلانية و ثقافة الفاعلين، جامعة د/ مولاي الطاهر – ســعيدة، 2017 - 2016، رسالة الماجستير، ص ٩٦.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تیۆرە یان کرداری، ئایین، ئینتیمای هەرێمی، پۆستەکانی پێشوو، ئاراستەکان و بەهاکان، پاڵنەرە دەروونییەکان) و، هتد.[16]

## دووەم: شێوازەکانی هەڵبژاردنی دروستکەرانی بڕیار

هەموو سیستەمێکی سیاسی شێوازی خۆی هەیە لە هەڵبژاردنی سەرکردە سیاسییەکانیدا، ئیتر ئەم شێوازە لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی تر دەگۆڕێت. لە کۆمەڵگەکانی وەك بەریتانیا و سویسرا و ئەمریکا، دەنگدەران بەهێز وکاریگەرن، چونکە دەنگدانیان قۆرخ نەکراوە بۆ بەشێکی دیاریکراوی دانیشتوان. لە هەندێ کۆمەڵگەی تری وەك باشوری ئەفریقیا تەنها بەشێکی دانیشتوان کە سپیپێستن دەگریتەوە بە دەنگدەر دادەنرێن، کۆمەڵگەکان لە بایەخدانیان بە هەردوو چەمکی دانان لەبەر ئەسڵ و فەسڵ، لەگەڵ هەڵبژاردن لەبەر لێوەشاوەیی جیاوازن. مەبەست لە دانان بە پێی ئەسڵ و فەسڵ ئەوەیە کۆمەڵگە کەسەکان لە سەربنەمای ڕەچەڵەك یان سامان یان ڕەنگ یان ئایین هەڵدەبژێرێت، نەك لەسەر بنەمای توانستەکانیان. بەڵام دانان لە بەر لێوەشاوەیی بە پێچەوانەیەوە پشت بە لێهاتووی دەبەستێت.[17]

## سێیەم: چوارچێوەی دروستکردنی بریار

دروستکەرانی بریار کاری خۆیان لە چوارچێوەی واقیعێکی کۆمەڵایەتیدا لەلایەک و واقیعێکی سیاسی و دامەزراوەیی لەلایەکی ترەوە ئەنجام دەدەن. واقعی کۆمەڵایەتی، گۆڕاوەکان دەگرێتەوە و لە وێنەی ڕای گشتی و هێزە کۆمەڵایەتییەکان و شەپۆلە مەزهەبییەکان. چوارچێوەی سیاسیش کۆمەڵێك بنەماو ڕێکخراو دەگرێتەوە کە حکومەت پێك دەهێنن. ئەم واقیعە بە هەردوو لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری بڕیار دروستکەران هەیە و ئەوانیش هەیە کاریگەرییان لەسەر واقیع هەیە.[18]

---

[16] حمايدي دنيا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣.

[17] بدرهلة فريد، تآثير القادة على العملية اتخاذ القرارات في التنضيم الصناعي الجزائري، ٢٠٠٧، جامعة منتوري قسنطينة، رسالة ماجستير، ص١٣٧.

[18] بدرهلة فريد، مصدر السابق، ص١٣٨.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی دووەم

## ڕۆڵی مەرجەعیەتی شیعە لە پرۆسەی سیاسی عێراق

جیاوازییەکی ڕوون هەیە لە هەمبەر خواستی دەستوەردان لە کاروباری سیاسی لە کاتێکدا هەندێك پێیان وایە دەستوەرنەدان کەموکوڕییە لە بەخشندەیی مەرجەعیەت، لە کاتێکدا هەندێکی تر پێیان وایە دەستوەردان لەلایەن خودی مەرجەعیەتەوە پەسەند نییە و چیرۆکی گرژی نێوان ئەم دوو جەمسەرە بابەتێکی نوێ نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە لە عێراقی نوێدا، هەر لە سەرەتاکانی پێکهێنانی حکومەتەوە کە ئاڕاستەی دژ بە دەستوەردان زۆرینە و باو بوو کە لەلایەن حیزبە لیبرالی و نەتەوەیی و عەلمانییەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرا.[19]

لە پێناو گەیشتن بەو مەبەستە و، چەسپاندنی ئەم ئاڕاستەیە بوار کراوە بوو بۆ بەرتەسکردنەوەی جووڵەی مەرجەعیەت کە لە دیدی ئەواندا قەدەغە بوو، ئەو بەربەستە دروستکراوەنەش لە هەندێ بواردا دەردەکەوت:

**یەکەم** مەرجەعیەت ڕواڵەتێکی ڕوحی و پیرۆزی هەیە و دەستوەردان لە کاروباری سیاسی پێشێلکردنی ئەو پیرۆزیەتییەیە و بۆ مانەوەی ئەو پیرۆزییە پێویستە مەرجەعیەت خۆی بە دوور بگرێت لە کاروباری سیاسی تەنانەت ئەگەر لە سەر ئاستی ڕاوێژکاری و ڕێنوێنییە باوەکانیشدا بێت.

**دووەم** فەراهەمبوونی سەرکردایەتی سیاسی، پێوستی بە هەندێك خەسڵەتی تایبەتی هەیە کە ئاشکرایە مەرجەعیەت هەڵگری ئەو خەسڵەتانە نییە، چونکە سەرکردایەتی سیاسی پێویستی بە تیۆری زانستی هەیە، ئەمە لە کاتێکدایە کە خەسڵەتەکانی مەرجەعیەت زیاتر لە نەخوێندەواری و دواکەوتوییەوە نزیکن.[20]

زیاتر لە سەدەیەکە خاوەنی ئەم ئاڕاستانە، بەردەوام لە هەوڵی لەناوبردنی پێگەی مەرجەعیەت بوون و لەو ماوەیەشدا نەیانتوانی تەنانەت یەك بەڵگەش بهێننەوە. لە ڕاستیدا دەبوو جیاوازییان نەکردبایە لە دەستوەردانی مەرجەعیەت هاوشەن لەگەڵ دەستوەردانی هەر حزبێکی سیاسی ئەمەش بە گوێرەی

[19] المولى، سعود، الشيعة اللبنانيون في تبلور وعيهم الوطني، دار الجديد، بيروت ٢٠٠٧، ص؛٦٧ .

[20] الشـيعية المعاصـرة بين مدرسـتي النجف وقم، الكاظمي، فيصـل: الحوزات لبنان نموذجا. دار المحجة البيضـاء، بيروت، 2011م، ص / 53-58.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بنەما باوەکانی مرۆڤایەتی، بەڵام پابەند نەبوون بەو جووڵە و مافەی کە زامنە بە هۆی یاسایی نێودەوڵەتییەوە.[21]

وەک چۆن مێژووی مەرجەعیەت لەگەڵ ئەم حزبانەدا شتێکی نوێ نییە و لای موسڵمانانیش ئەم هەڵبەستن و تۆمەتبارکردنە بە درێژایی مێژوو نوێ نییە و تەنانەت تا ئیستاش ئەم بارودۆخانە وای کردوە موسڵمانان گرفتاری دەستی لێکترازان بن.[22]

**باسی یەکەم / مەرجەعیەت و پرۆژەی سیاسی**

ئەوەی لە جوگرافیای شیعە و لە ٢٠٠٣ وە دەگوزەرێت، پرۆسەی پێکهێنانی ئاراستە سەرەکییەکان کە بەشدارن لە ئاراستەکردنی هەڵوێستەکانی کۆمەڵگا لە نێوخۆی جوگرافیای شیعەدا، لە چەندین مەسەلدا کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بە تێڕوانینی بیرۆکەی دەوڵەت و بەرگریکردن لێی، دواتریش بەیەکبوون و لەتبوونەوە لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتەکان لە دوای ٢٠٠٣ه هەیە. ئەم کاریگەریەش بەشێوەیەکی بەردەوام ئامادەگی دەبێت لە ساڵانی داهاتوو و، ئەزمونی سیاسی عێراق. شارەزایانی بواری شیعە هەمیشە پێیان وایە ئەم پێکهاتەیە لە ڕووی مێژووییەوە ڕۆڵێکی گرنگی گێراوە لە پارێزگاریکردنی لە شوناسەکەی خۆی و ئەو هەژمونەی هەیەتی لە ناوچە و جوگرافیایی شیعەدا.[23]

مەرجەعیەتی شیعە لە دروستکردنی سیاسەت لە عێراقی دوای ٢٠٠٣ ڕۆڵی سەرەکی گێرا، ڕۆڵەکەشی تەنها بریتی نەبوو لە ئاڕاستەکردنی شەقامی شیعی، بەڵکو بە پێچەوانەوە نەجەف بە نوێنەرایەتیکردنی سیستانی گوتارێکی نیشتمانی گشتگیری پەیڕەوکرد، بەگشتی گوتارەکانی تەنها ئاراستەی شیعە نەدەکرد بەڵکو بۆ هەموو عێراق بەسەرجەم پێکهاتەکانیەوە دەدوا، بە ڕادەیەك لە سەرەتاکانی عێراقی نوێدا جەختی لەسەر دروستکردنی هاوپەیمانێتیەك دەکردەوە لە نێوان شیعە و

---

[21] حرز الدين، محمد: تحقيق محمد حسـين حرز الدين، معارف الرجال، قم، مكتبة السـيد المرعشـي النجفي، 1986 الجزء الثالث، ص / 338.

[22] جعفر الشيخ باقر، ماضي النجف وحاضرها، محبوبة، بيروت، دار الأضواء،1886، الجزء الأول، ص/383.

[23] د.دیاری سـاڵح مەجید، کێبڕکێی جیۆپۆلەتیکی لە دڵی عێراقی شـیعەدا، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕوداو، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠، لا١٨.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سونە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و پرۆسەی سیاسی بەگشتی، ئەگەرچی ئەم هەوڵە نەگەشتە ئەنجام، لەبەرامبەریشدا دانی بە جیاوازی کوردا نا کە لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتیەك بەشداری بکەن. بەگشتی سستانی دیدی خۆی لە ژێر ناونیشانی "دەوڵەتی مەدەنی" کۆکردەوە کە ئەمەش پێگەیشتوو ترین بەرهەمی هزری شیعەیە لە نەجەف.[24]

بەگوێرەی بیروبۆچوونی مەرجەعیەتی ئاینی پێویستە هەر سیستەمێکی سیاسی لەعێراق لە داهاتوودا لەسەر بنەمای زۆرینە بێت و، ئەم زۆرینەیە پێویستە گروپێکی سیاسی یەکگرتوو بێت تاوەکو بتوانن ئەم پرۆژەیە بەرێوەببەن و پابەندییەکانی قۆناغی سیاسی نوێ جێ بەجێ بکەن. چونکە یەکگرتن کە مایەی وەدەست هێنانی زۆرینەیە یەکەم بەردی بناغەی پرۆژەی مەرجەعیەتی ئایینیە سەبارەت بە بونیاتنانی دەوڵەتی عێراقی نوێ و، بەم شێوەیە ئەوکاتەش و ئێستاش مەرجەعیەتی ئاینی گەورەترین رۆلی هەبووە لە پاراستنی یەکبوونی شیعەکان و پارێزەری کردن لە مافەکانیان لە عێراق و دەرەوەی عێراقدا و، هەست کردنی کۆمەلگای شیعی بە هەبوونی مەرجەعیەتی ئاینی بویتە هۆکاری دڵنیا بوونیان لە رەووتەکەیان لە لایەن مێژوو و ئێستا و دوارۆژیان. چونکە مەرجەعیەت نوێنەرایەتی ئەم لایەنەدەکات کەوا شەرعیەت دەدات بە هەر هەڵوێستێک کە لە لایەن لایەنگرانی ئالی بەیت ئەنجام دەدرێت.[25]

بێجگە لەمەش پشتگیری کردنی ئەم مەرجەعیەتە بیروبۆچوونی سیاسیان بۆ دەپارێزێت. بەم شێوەیە جووڵانەوەی سیاسی شیعەکان لە عێراقدا پشت بەستراوە بە مەرجەعیەتی ئاینی وەک خالی جووڵانەوە و بەردەوام بوون بەتایبەتیش بەهۆکاری مێژووی سیاسی شیعەکانی عێراق هۆکارە بۆ پابەند بوونیان لەگەل بیروبۆچوونەکانی مەرجەعیەت ئەمەش بویتە هۆکاری درووست بوونی

---

[24] عەلی مەعموری، گۆڕانەکانی ململانێی شیعە و کاریگەرییان لەسەر نەخشەی سیاسی عێراق، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕوداو، هەولێر، ٢٠٢٠، چاپی یەکەم، لا٧٠.

[25] د.جودت القزويني، المرجعية الدينية العليا عند الشيعة الامامية، دراسة في التطور السياسي والعلمي، دار الرافدين، ط1، بيروت،2005 م، ص/195.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کلتوورێک کە کۆتاییەکەی پابەندبوونیانە بەم دەزگایە کاریگەرە لە ئاراستە کردنی شیعیەکان بە ئاراستەیەکی رامیاری کاریگەر.[26]

بەم شێوەیە مەرجەعییەتی ئاینی لە پاش سالی ٢٠٠٣ رۆلێکی گەورەی هەبووە لە یەکرِیزی شیعیەکانی عێراق و، یکگرتنەوەی پۆل وچین و سەرکردەکانیان تاوەکو لە زۆرینەیەکی ژێر فشار و دەربەدەرکراو بۆ سەدان ساڵ ببن بە زۆرینەیەکی سیاسی کەوا حەکمڕانی عێراق دەکات و مافەکانی کەمینەکان دەپارزێت و، مافی ئاینەکانی تر دەپارێزێت چونکە ئالی بەیت وەسیەتی ریزگرتنی کەمینەکانیان داوە و حوکمڕانی یەکسانیان ویستووە. بەم هۆکارەوەش مەرجەعیەتی ئاینی یەکەم لایەنە کەوا هەلدەستێت بە رەخنە گرتن لە حکومەت لە هەندێک جومگەکانیدا

سەرەرای ئەمە کەوا زۆرینەی بریار بەدەستەکان سەرۆکەکانی شیعین کە خۆیان داوا دەکەن سوننەی عێراق وەک شیعیەکان وەک سەید علی ئەلحوسەینی ئەلسیستانی فەرموویەتی: (مەلێن برامانن بەڵام بلێن خۆمانن).[27]

وە بەهەمان شێوە بەرگری کردووە لە مەسیحی و ئاینەکان و، بەهەمان شێوە شەرکردن لەگەل نەتەوەی کوردیان حەرام کردوە کە ئەم نەتەوەیە لەژێر سیستەمێکی حوکمڕانی بوو و مەزهەبەکەشی هەمان مەزهەبی کوردەکان بووە.[28]

هەولێستی مەرجەعیەتی ئاینی سەبارەت بە بەرگری کردن لە مافەکانی شیعەی عێراق لەسەربنەمای تائفی نیە بەقەدەر بوونی بە شایستەیەکی سرووشتی کە گونجاو هاوتەریبە لەگەڵ سرووشتی سیاسی دیموکراسی کە مافی زۆرینەیە هەستێ بە دیاری کردنی چوارچێوەی پرۆژەی سیاسی بەبێ دوورخستنەوەی پێکهاتەکانی تر و بە تێروانینێکی هاوسەنگ کەوا دەوڵەت و سیستەم بتوانێت کارەکانی راپەرێنێت بەگوێرەی میکانیزمی سیستەمی دەستووری. چونکە ئەم زۆرینەیەی سیاسی

---

[26] ، محمد صـادق الهاشـمي رؤية في الحشـد الشـعبي :خط المقاومة في العراق، التأسـيس والاسـتشـراف ، مركز العراق للدراسات، بلا تاريخ، ص/17.

[27] موقع سـماحة السـيد السيسـتاني، في كلمة القيت بالنيابة عنه في الملتقى الاول لعلماء السـنة والشـيعة في العراق في مدينة النجف الاشرف عام 2007.

[28] صدرت هذه الفتوى بتاريخ 1965/7/5م

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەسەرشانیانەووڵات بەرێوەببەن. مەرجەعیەتی ئاینی لەپێشەوای ئەم لایەنانە بووە کەوا لەدژی محاصەصەی تائفی و عرقی وە ستاوە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆکاری پارچە پارچە بوونی عێراق و، زیاد کردنی جیاوازیەکانی تائفی و ئەتنیکی و، کۆمەلگا دابەش دەکات بۆ گروپی ئاینی و عرقی و میللی.
بەم هۆکارەوە سەید علی ئولحوسەینی ئەلسیستانی لە پەیامەکەیدا بۆ نوێنەری سکرتێری گشتی ووڵاتە یەکگرتووەکان ئەلئەخزەر ئەلئیبراهیمی جەختی کردەوە لەسەر "ئەم یاسایە یاسای کارگێری دەوڵەت لە قۆناغی تێپەربووندا، کە سەرکردایەتی لە عێراقدا دەسپێرێت بە ئەنجوومەنێک کە لە سێ کەس پێک دێت کەوا یەکێکیان کوردە و دووەمیان عەرەبی سوننەیە وە سێیەمیان عەرەبی شیعەیە، دەبێتە مایەی درووست بوونی تائفیەت و رەچەلەکایەتی لە سیستەمی سیاسی داهاتوودا و دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەمی وەرگرتنی هەر بریارێک لە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیدا تەنانەت ئەگەر هاتوو یەکڕایی لە نێوان ئەی سێ ئەندامە هەبێت کە ئەم بوارەش بەگشتی بەردەست نیە بەبێ فشاری هێزێکی بیانی.[29]
واقیعی سیاسی عیراق کە بە دەست پشگوێخستنی سیاسی و نەبوونی ئازادی ئاینی و رۆشنبیرییەوە دەینالاند، وایکرد کە پێکهاتەکان بەتایبەتی شیعە زیاتر نوقمی پێناسە و شوناسی تایبەتی پێکهاتەیی خۆیان بن، ئەمەش وایکرد کە شیعەی عیراق زیاتر بە دوای گوتارێکی سیاسیدا بگەڕێن کە نوێنەرایەتیان بکات، هەربۆیە گوتارێکی سیاسی شیعی دروست بوو کە وابەستەی ناسنامەی شیعە بوو، هەروەها لە دیدێکی پێکهاتەییەوە داوای شایستەی سیاسی خۆیان دەکرد لە میانی بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا.[30]
دوای ئەوەی پێکهاتەی شیعە کرۆکی دەسەڵات و زۆرێك لە جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەوسا ڕوبەڕوی گرفت و بەربەستەکانی دوبارە بنیادنانەوەی دەوڵەت بوونەوە و لە خەونەکانی پێش ٢٠٠٣ بەئاگا هاتنەوە، تێگەیشتن دروستکردنی ویلایەتی فەقی و شوراو و سەرجەم بنەماکانی دیکە بۆ واقیعی دەسەڵاتی سیاسی نوێ لە عێراق گونجاو نیە، ئەمەش ناچاریکردن کە ڕەوتێکی پراگماتیکی بگرنە بەر و زیاتر دیدێکی واقیع بینانە لە ئەستۆ بخەن، بەجۆرێك ڕوانگەیەکی

[29] رسالة السيد السيستاني موجهة الى الاخضر الابراهيمي بتاريخ 2004/3/9 م، موقع السيد السيستاني.
[30] عەلی مەعموری،سەرچاوەی پێشوو، لا٦٨.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ماکیاڤیلیانەن هەبێت بۆ دۆخەکە لە مەڕ بە تاکە ئامانج کردنی هێشتنەوە و مانەوەی دەسەڵات لە دەستی شیعە، ئەم ئامانجە باڵایەیی شیعە لە نێو پرۆسەی سیاسی شیعەدا وایکرد چەندین ڕکابەری و ململانێ بێتە ئاراوە و، هەروەها ژینگەیەکی نا تەندروستی هێنایە ئاراوە کە ڕێکەوتنە دەرەکییەکان لەگەڵ کورد و سونە، بەمەبەستی پەراوێز خستنیان لە دەسەڵات.[31]

بەرەنگاربوونەوەی یاسای کارگێری دەوڵەت بۆ قۆناغی تێپەربوون بەهۆکاری جیاوازی کردنێکی نایەکسانەیە لەبەرژەوەندی چینێک لەسەر بەرژەوەندی چینێکی ترەوە. لێرەوەش بەگوێرەی مەرجەعیەت پێدانی مافی رەخنەگرتن بە ئیئتلافی شیعی ناحەقیەکی روونە لەسەر مافەکانی زۆرینەی خەلکی عێراق .

بەم شێوەیە رازی نەبوونی سەید سیستانی لەسەر بڕگەی مافی ڕەخنەگرتن گونجاوە لەگەڵ بانگەشەکانی دامەزراندنی ئاشتی و یەکسانی کۆمەلایەتی بۆ هەموو چین و توێژەکانی خەلکی عێراق کە پێویستە هیچ توێژێک تایبەتمەندی زیاتری نەبێت بەرامبەر توێژێکی ترەوە و، هەوەها رەتکردنەوەی پرۆژەی ئەمەریکی بەهۆکاری ئەمەیە کەوا ئەمانەی کە ئەمەریکا فەرزی دەکات نەگونجاوە وەناگونجێت لەگەڵ واقعی عێراق و داواکارییەکانی خەلک سەبارەت بە دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی درووست کراو لەسەر بنەمایەکی ڕاست و دروست. بەم هۆکارەوەش مەرجەعیەتی ئاینی تەنها بە رووی ئەم پرۆژەیە نەوەستاوە بەڵکو پرۆژەیەکی پێشنیار کردووە کە پشت دەبەستێت بە هەڵبژاردنەکان بۆ لێژنەی نووسینەوەی دەستوور کە لە بەشەکانی داهاتوودا باسی لێدەکرێت. هەموو ئەمانە بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دیموکراسیانە بەرێوەچووە، چونکە مەرجەعیەتی ئاینی داوای کردووە لە عێراقیەکان دەرچن بۆ شەقامەکان بەمەبەستی داواکردنی مافەکانیان تاوەکو ببێتە ئاستەنگێک بۆ داگیرکەر سەبارەت بە دووبارە دارشتنەوەی عێراق بەگوێرەی بیروبۆچەنەکانی و بەگوێرەی کاریگەرە مێژووییەکانی.

هەموو ئەم قەڵەمرەوییەی مەرجەعیەتی شیعەش لە عێراقدا بێ گرێ و بێ بەربەست نەبووە، بەشیکی گەورەی ئەو بەربەستە بریتی بوون لەو هێزانەی کە لە هەناوی فتوا بەناوبانگەکەی سیستانییەوە دروست بوو لە چوارچێووەی حەشدی شەعبی کە دواتر ئەم هێزانە کە لەماوەی شەڕی دژ بەداعش

[31] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٦٩.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیدا بوون، دواتر هەوڵیاندا بوونی خۆیان زیاتر بەهێز بکەن و دەسکەوتی زیاتری تایبەت بەخۆیان چنگ بکەوێت، کە ئەمەش ڕەنگە دەرفەتێك بێت بۆ دووبارە سەرهەڵدانەوەی کێشەی نوێ، شایەنی باسە بابەتی حەشدی شەعبی و گروپە چەکدارە سیعەکانی دەرەوەی ئەم دامەزراوەیە ئاماژەن بۆ هەڵوێستگەلێکی دژی هەندێك لە فەرماندەییە باڵاکانی ئەم سیستمە، کە دڵبەندییان زیاتر بۆ مەرجەعیەتی قومە لە بری نەجەف. ئەگەرچی دروستبوونی حەشدی شەعبی زادەی فتواکەی سیاستانین بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران هەوڵیدا کارگەری بخاتە سەر گرنگترین پێکهاتەکانی کە گرنگترینیان بریتی بوون لە ڕێکخراوی بەدر و عەسایبی ئەهلی حەق و کەتایبەکانی حزبوڵڵا، کە بەهێزترینەکانی ناو ئەم سیستەمەن.[32]

## باسی دووەم / هەڵوێستەکانی سەید سیستانی لە قۆناغە جیاوازەکانی پرۆسەی سیاسی عێراقی نوێ

سەید سیستانی هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرای لەبارەی سیاسەتی داگیرکارییەوە هەیە، ئەمەش لە کۆمەڵێك هەڵوێستی بە ڕوونی دیارە لەوانە ڕەتکردنەوەی پێشوازی لە حاکمی مەدەنی عێراق (پۆل بریمەر) بۆ زیاتر لە جارێك، ئەمەش لەبەر نەبوونی پێویستی ئەو دیدارە لەلایەن سیستانییەوە.[33]
ئەم بابەتەش لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی پرسیاری ڕۆژنامەی ئەسهای یابانییەوە بوو کاتێک پرسیاری ئەوەی لە سەید سیستانی کرد کە "پەیوەندی ئێوە لەگەڵ حکومەتی کاتیدا چییە؟ ئایا هیچ هاوکارییەکی لێ وەردەگرن؟ یان چی؟"، وەڵامەکەی سەید سیستانی بەو جۆرە بوو کە "هیچ جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان مەرجەعیەت و دەسەڵاتی کاتی ئەمریکی لە عێراق نییە"، هەرچی حکومەتی کاتیشە تا ئەو کات دروست نەکراوبوو.[34]
پاش ڕووخانی ڕژێم و کەوتنی پایەکانی دەوڵەت، عێراق لە بۆشاییەکی سیاسی گەورەدا بوو بە جۆرێك هەموو هێزە بەرهەڵستکارەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی عیراقدا دەژیان، ئەمەش بەهۆی ئەو زوڵم و

[32] یاسین تەها، ناکۆکییە نێوخۆییە سیاسییەکانی شیعە و لێکەتەکانی لەسەر دۆخی عێراق، بڵاوکراوەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕوداو، هەولێر ٢٠٢٠، چاپی یەکەم، لا٤٢.
[33] النصوص الصادرة عن سماحة السيد السيستاني في المسألة العراقية: الخفاف، حامد، ص/44.
[34] المصدر السابق، ص/96.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ستەمە بوو کە ڕووبەڕووی بوونەوە لە کاتی ڕژێمی بەعس، لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخەدا خەڵك پەنای بردە بەر مەرجەعیەتی ئایینی کە گیرۆدەی گرفتی گەورە بوو وەک تەواوی ڕۆڵەکانی عێراق و بەوپەڕی هێزەوە ڕووبەڕووی زوڵم و ستەم بوەوە، کە ڕووبەڕووی ڕۆڵەکانی گەلی عێراق دەکرایەوە لەبەر ئەوەی مەرجەعیەت ڕۆڵێکی کاریگەری لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوە هەبوو و ناچار بوو بیر و بۆچوونەکانی دەربارەی بارودۆخی ئەوکات بخاتە ڕوو، ئەوەبوو سەید سیستانی ڕایگەیاند، گۆڕینی ڕژێم ناکرێ لە ڕێگای داگیرکاری سەربازییەوە ئەنجام بدرێت کە نەهامەتی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا لەوانە کەوتنی پایەکانی دەوڵەت و نەبوونی ژیان لە سایەی سەقامگیری و ئاسایش.[35]

سەید سیستانی بۆ ڕۆڵەکانی گەلی عێراقی دووپات کردەوە، ئەوانەی توانا و شارەزاییان لە بەڕێوەبردنی وڵات هەیە، نابێت بە هیچ شێوەیەك هیچ کارێك بکەن لە ژێر دەسەڵاتی بیانیدا و سەید سیستانی هەموو جۆرە دەستوەردانێکی لە کاروباری عێراق ڕەت کردەوە، و جەختی لەسەر سەربەخۆیی عێراق کردەوە.[36]

### داواکراوی یەکەم/ مەرجەعیەتی ئاینی و هەڵبژاردنەکان

ڕۆڵی مەرجەعیەتی ئاینی لە پاراستنی یەکێتی شیعەکان لە عێراقدا هەمان ڕۆڵە سەبارەت بە پاراستنی یەکێتی خاک و گەلانی عێراق تەنانەت هەمان ڕۆڵە کە فشاری خستووە سەر کاربەدەستانی ئەمەریکی بەمەبەستی بوونی گەلی عێراق بە تاکە بڕیاردەری چارەنووسی سیاسیی خۆی. ئەمەش بەڕێگای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ڕاستەقینە کە بەم شێوەیە ناسنامەی خۆی دەردەبڕێت و زۆرینەی گەلی عێراق بەدیار دەکەوێت کە پێویستە ڕۆڵی سەرەکی هەبێت لە بەڕێوەبردنی وولات بەهەماهەنگی لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە و بەم شێوەیە مەرجەعیەتی ئاینی سەرکەوتوو بوو لە پاراستنی مافەکانی عێراقیەکان هەریەک و بەگوێرەی قورسایی کۆمەلایەتی خۆی و بەشێوەیەکی دیموکراسی تاوەکو بگەنە خاڵی چارەسەرکردنی بە مەزهەب بوونی دەوڵەت.[37]

---

[35] بنۆڕە: مقابلة مع الســيد محمد رضــا الســيســتاني نجل المرجع علي الســيســتاني، جريدة الحياة: العدد (14634)، 2003/4/18م.

[36] الخفاف، حامد، النصوص الصادرة عن سماحة السيد السيستاني في المسألة العراقية، ص/357ـ358

[37] حسن العلوي، الشيعة والدولة القومية، دار روح الامين، ط1، ايران، 1426هـ، ص/325.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەو نامەیەدا کەوا سەید سیستانی ناردیویەتی بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایشی گشتی، تیایدا هۆشداری داوە بە دەست نیشان کردنی یاسای کارگێری دەوڵەت لە قۆناغی تێپەربووندا ئاماژەی پێبکرێت لە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشدا کە ژمارەکەی (١٥٤٦)ە وە جەختی کردوە لەسەر کە ئەم یاسایە کە لەلایەن ئەنجومەنێکی هەڵنەبژێردراو دەرچوە و لەسێبەری داگیرکردندا و بەکاریگەری داگیرکەر بووە دەبێتە هۆکاری سنووردار کردنی جەمعیەتی وەتەنی کە بڕیارە هەلبژێردرێت لە ساڵی داهاتوودا بەمەبەستی داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی لە عێراقدا[38].

کە ئەمەش سەرپێچیە لە یاساکان و زۆربەی گەلی عێراق پێی ڕەزامەند نابن و، بەم هۆکارەش هەر هەوڵێک بۆ پێدانی شەرعیەت بەم یاسایە بە ئاماژە پێکردنی لە بڕیاری نێودەوڵەتیدا کارێکی پێچەوانەی ئیرادەی گەلی عێراقە و، ئەنجامی مەترسیداری لێ دەردەکەوێت[39].

مەرجەعیەتی سەید سیستانی لە سەرەتای داگیرکردندا سەریهەڵداوە وەک مەرجەعیەتی ئاینی خاوەن هێزێکی گەورە وکاریگەر لەسەر ڕای گشتی لە عێراقدا. ئەم خاڵەش روون بووە بۆ هەموو بایەخدەرانی بواری سیاسی کە هێزەکانی داگیرکەرەکانیش لەخۆ دەگرێتەوە کە لەم قۆناغەدا روونکردنەوەکانی مەرجەعیەتی ئاینی ئاستەنگێکی گەورە بوو بەرامبەر هێزەکانی ئەمەریکا بەهۆکاری داواکردنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەربەخۆ و شەفاف و ڕاستەوخۆ کە ببێتە بڕیاردەری چارەنووس و شێوازی درووست بوونی دەوڵەتی عێراقی نوێ. لەم میانەدا لە پرسیارێکی رویتەرز سەبارەت بە تێروانینی مەرجەعیەتی ئاینی بۆ داهاتووی حوکمڕانی لە عێراق ؟ سەید سیستانی لە وەڵامدا بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە ؟ حوکمڕانی لە عێراقدا پێویستە لە دەست عێراقیەکان بێت بەبێ هیچ زاڵبوونێکی بیانی و، تەنها عێراقیەکان خاوەن مافن لە هەڵبژاردنی جۆری سیستەمی حوکمڕانی لە عێراق بە بێ دەست تێوەردانێکی بیانیەکان.[40]

---

[38] البيان بتاريخ 2004/6/6م.

[39] حامد الخفاف، النصوص الصادرة عن سماحة السيد السيستاني في المسألة العراقية، دار المؤرخ العربي، بيروت، لبنان، 2007، وثيقة رقم 2، ص/10.

[40] المصدر نفسه، وثيقة رقم 7، ص/18.

بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها لەپرسیارێکی ئەسیوشیتد پرێسی ئەمەریکی سەبارەت چۆنیەتی حوکمرانی لە عێراق لەپاش صدام حسین و چۆنیەتی پێکهێنانی و ئایا مەرجەعیەتی ئاینی رۆڵی تیادا دەبێت ؟ لە وەڵامدا سەید سیستانی بەم شێوەیە وەڵامی داوە : شێوازی حوکمڕانی لە عێراق تەنها عێراقیەکان بڕیاری لەسەر دەدەن و، مێکانیزمایەکەی بریتیە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی تاوەکو گەلی عێراق بتوانێت نوێنەری خۆی هەڵبژێرێت لە ئەنجوومەنی دامەزراندنی نووسینی دەستوور و لەپاشاندا ئەم دەستوورە دەخرێتە دەنگدانەوە و مەرجەعیەتی ئاینی رۆلی نابێت لە حوکمڕانیدا.

لەسەر ئەم بنەمایەدا دەتوانین بلێین کەوا ئەم بۆشاییە رامیاریە کەوا درووستن بووە لەپاش داگیرکردنی عێراق کاریگەرییێکی گەورەی نەبووە لەسەر یەکگرتوویی گەلی عێراق وپایەند بوونی بە سەرکردەیی ئاینی. وە رێگەپێشاندانەکانی مەرجەعیەتی ئاینی لەسەرەتای داگیرکردندا دەنگدانەوەی هەبووە لای خەلکدا تەنانەت ئەمریکای ناچار کردوە کەوا رەزامەند بیچت لەسەر ئەنجامدانی هەلبژاردنەکان وەک تاکە رێگە بۆ هەر هەنگاوێکی داهاتوو لە بونیاتنانی دەولەتی عێراق .

**داواکراوی دووەم : مەرجەعیەتی ئاینی و دەستووری عێراق سالی ٢٠٠٦ زایینی**

دەستور بریتیە لە یاسای باڵای دەوڵەت کەوا چوارچێوەی بنەما سەرەکیەکانی شێوازی دەوڵەت و سیستەمی حوکمڕانی و شێوازی حکومەتەکەی و رێکخستنی دەسەڵاتە گشتیەکانی دیاری دەکات چونکە دەستوور گرێبەستێکی کۆمەلایەتیە ودامەزرێنراوە بەمەبەستی پاراستنی ئازادی هاووڵاتیان و مافەکانیان. هەروەها زامن کردنی یەکسانی لەنێوان تاکەکانی کۆمەل. گرنگی دەستوور و پێویستی هەبوونی لە پاش درووست بوونی بۆشایی و زاڵبوونی دیکتاتۆریەت لە عێراقدا گرینگیەکە کەسێک لەدژیدا ناوەستێت و بەهۆکاری گرینگی ئەم بەڵگەیە مەرجەعیەتی ئاینی کاری کردوە بۆ زامن کردنی پەیرە و بنەماکانی پێویست کە داواکراوە لەلایەن زۆرینەی هاوڵاتیانی عێراق کە پێویستە دەستوور ئەمانە لەخۆ بگرێتەوە لە عێراقی نوێدا.[41]

بەمەبەستی دیاری کردنی رۆڵی مەرجەعیەتی ئاینی لە داڕشتنی دەستوری عێراقی لە پاش سالّی ٢٠٠٣، لێرەدا گرنگترین کاردانەوەکان وفشارەکانی ئەنجامدراو لە لایەن مەرجەعیەتی ئاینیەوە بە

[41] حامد الخفاف، المصدر السابق، ص/28

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نوێنەرایەتی سەید سیستانی، دەست نیشان دەکرێت کە ئەنجامدراوە لەدژی هێزە دەرەکیەکان و هێزە داگیرکەرەکان و حکومەتی عێراق، ئەمەش بەمەبەستی وەستان لەدژیان تاوەکو نەتوانن ئایدۆلۆژیای نوێ لە کۆمەلگای عێراقی پەیدا بکەن و بەم شێوەیە بتوانن یاسای پەسەندنەکراو لە لایەن بیر و بۆچون و فەلسەفەی کۆمەلگای عێراقی دابڕێژن. بەم شێوەیە زۆربەی عێراقیەکان دەگەڕانەوە بۆ سەید سیستانی بۆ شیکردنەوەی ئەم بابەتانەی کەوا گومانیان لێدەکرا. بەم شێوەیەش سەید سیستانی خۆی لە بەرامبەر ئەرکێکی گەورە دۆزیەوە کە چەندین ئەرکی لێدەکەوێتەوە کە گرینگترینیان بریتیە لە دیاری کردنی سیاسەتی گشتی و لێکەوتەکانی وەک بەلگەی دەستوور کە گرینگترین بەلگەیەی کاریگەرە لە ژیانی گشتیدا و خالە سەرەکیەکانی شێواز و سرووشتی دەولەت و سیستەمی سیاسی دیاری دەکات. لەپرسیارێکی ئاڕاستە کراو لە لایەن رۆژنامەی واشینتگتۆن پۆستدا سەبارەت بە رۆلی مەرجەعیەتی ئاینی، وەلامی نووسینگەکەی بەم شێوەیە بووە : سەید سیستانی پلە و پایە داوا ناکات لەحوکمڕانیدا و بە بیر و بۆچونیەوە پێویستە زاناکانی ئاینی دووربن لە پێگەی ئەرکەکانی کارگێری و جێ بەجێ کردندا.[42]

واتە سەید سیستانی بە پێویستی نازانێت کە حوکمرانی لە عێراقدا حوکمڕانیەکی ئیسلامی تایبەت بێت بەڵام بابەتی گرینگ لە لایدا پاراستنی ئاینە و ئەمەش بەهێز ئەنجام نادرێت بەڵام بە رێگای سیاسی و هەمان چەکی ئەمەریکیەکان کە بەرێگایدا هاتنە ناو عێراق کە دیموکراسیە .

بەمەبەستی ئاشنا بوون بە ووردەکاریەکانی بەشداریکردنی مەرجەعیەتی ئاینی لە داڕشتنی دەستوری عێراقیدا بەمەبەستی بونیاتنانی دەولەتی عێراقی نوێ، پێویستە بیر و بۆچونەکانی مەرجەعیەتی ئاینی بالا بزانرێت و وەلامەکانی پرسیارەکانی رۆژنامە بیانیەکان سەبارەت بە شێوازی سیستەمی عێراقی داهاتوو و ئایا مەرجەعیەتی ئاینی چاوەڕێی چی دەکات لە داڕشتنی دەستوری عێراقی ؟

---

[42] مجلس الحكم الانتقالي، ئە نجومەنێك بوو كە دەســەڵاتی هاوپەیمانان دروســتیان كردبوو كە پێكهاتبوو لە ٢٥ ئەندام و كە پشكی ئاینزای شیعە تێیدا ١٣ ئەنندام بوو كە پێكهاتبوون لە ( ابراهیم الجعفري، احمد البراك، احمد الجلبي، ایاد علاوي، حمید مجید موســى، عبد الكریم المحمداوي، عقیلة الهاشــمي، موفق الربیعي، وائل عبد اللطیف، رجاء الخزاعي، عزالدین سلیم، محمد بحر العلوم، وعبد العزیز الحكیم، والسنة 5 اعضاء، عدنان الباججي، غازي عجیل الیاور، محسن عبد الحمید، نصیر الجادرجي، سمیر الصمیدعي) هەروەها نەتەوەی كوردیش خاوەننی ٥ ئەندام بوو ،بریتی بوون لە ( جلال تالەبانی ، مسعود بارزانی، محمود عثمان، صلاح الدین بهاء الدین، دارا نور الدین

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەپاش دامەزراندنی ئەنجوومەنی حوکمڕانی ئینتیقالی و لێژنەی دەستووری ئامادەکاری نووسینی دەستوور لە ساڵی ٢٠٠٣دا لەلایەن ئەمریکیەکانەوە کە پێک هاتووە لە ٢٥ ئەندام لەسەر بنەمای ژمارەی ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە، هەر ئەندامێک لەم ئەنجوومەنە پالێوراوێک دیاری دەکات بۆ لێژنەکە کە دەسەلاتێکی بەرفراوانی نەبووە وتەنانەت ئەرکەکەی بریتی بووە لە پێشکەش کردنی پێشنیار سەبارەت چۆنیەتی دارشتنی مێکانیزمی دەستور.[43]

ئەم هەلوێستە بووە مایەی تووڕەبوونی مەرجەعیەتی ئاینی و ڕەتکردنەوەی وەک بەرپرسی یەکەم بەرامبەر بە گەل. کە مەرجەعیەتی ئاینی لەم قۆناغەدا تاکە سەرکردە بووە لەماوەی درووست بوونی بۆشایی سیاسی ودەستوری لەپاش رووخانی سیستەمی کۆن لە ساڵی ٢٠٠٣دا. بەم هۆکارەوەش مەرجەعیەتی ئاینی شێوازی پەرچدانەوەی بەکارهێناوە بەرێگای فتواکانی ئاراستە کراو بۆ هاووڵاتیان ئەمەش بەسوود وەرگرتن لە شارەزایی مامەلەکردن لەگەل

داگیرکارانی بریتانی و سیستەمی زۆرداری کە تیایدا داگیرکەر هەلدەستێت بە دارشتنی یاساکان کە دەبنە هۆکاری دیاری کردنی سیاسی عێراقی داهاتوو[44].

بەم هۆکارەوە وەلامی سەید ئەلسیستانی بەم شێوەیەی خوارەوە بووە سەبارەت بە راپرسی لە ١٤ی ربیع الاول ساڵی ١٤٢٤ی هیجری کە تایبەت بوو بە راگەیاندنی داگیرکەرەکان بە دامەزراندنی ئەنجوومەنی نووسینی دەستور وە ئەندامەکانی هەلدەبژێردرێن بە هەماهەنگی لەگەل هەندێک لایەنەکان : ئەم سولتەیە هیچ دەسەلاتێکی نیە سەبارەت بە دامەزراندنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نووسینی دەستور وە لەهەمان کاتدا زامن نیە کەوا ئەم ئەنجوومەنە دەستورێک دابرێژێت کە گونجاو بێت لەگەل بەرچەوەندیە بالاکانی گەلی عێراق و دەنگدانەوەی ناسنامەی میلیی بێت کە یەکێک لە بنەماکانی ئاینی ئیسلامی و بەها بەرزەکانی کۆمەلایەتیە. ئەم پرۆژەیە لە بنەرەتدا رەتکراوە وە پێویستە لە سەرەتادا هەلبژاردنی گشتی بکرێت تاوەکو عێراقیەکان بتوانن نویچنەرەکانیان دەست نیشان بکەن لە ئەنجوومەنی دامەزرێنەری نووسینی دەستور وە لەپاشاندا دەنگدانی گشتی لەسەر ئەم

---

[43]، د.حسـن لطيف الزبيدي، العراق والبحث عن المسـتقبلمركز العراقي للبحوث والدراسـات، العراق، الطبعة الأولى، النجف الاشرف، بيروت، 2008م، ص/178.

[44] حامد الخفاف، مصدر سابق، ص/31.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستورە بکرێت کە لەلایەن ئەم ئەنجوومەنەوە بریاری لەسەر دەدرێت وە پێویستە ئیماندارەکان هەموویان داوای جێ بەجێ کردنی ئەم کارە بکەن کە زۆر گرنگە وە بەشدار بن لە راپەراندنی بە باشترین شێوە.[45]

هەمان ناوەرۆکی وەڵامدانەوە دووبارە بووە لە وەلامەکانی سەبارەت چەندین پرسیاری رۆژنامەنووسانی رۆژنامەی سان فرانسیسکۆ : پێویستە لە نووسینی دەستوردا پشت ببەسترێت بە مەکانیزمی هەڵبژاردن بە بێ دامەزراندن و هەر دەستورێک شەرعیەتی نیە ئەگەر هاتوو لە لایەن کەسانی دیاری کراو بنووسرێت گەر دەسەڵآتی داگیرکەر بێت یاخود ئەندامانی ناسراو بە ئەنجوومەنی حوکمڕانی یاخود کەسانی تر.  هەروەها جەخت کردنەوەی مەرجەعیەتی ئاینی لەسەر پێویستی هەڵبژاردنی ئەم لێژنەیە کەوا هەڵدەستێت بە نووسینی دەستوور لە لایەن عێراقیەکانەوە و پێویستی چاودێری کردنی ویلایەتەیەکگرتووەکان کە بەدیار کەوتووە لە وەلامەکانیدا لەسەر چەند پرسیارێکی رۆژنامەنووسانی رۆژنامەی لۆس ئەنجلۆس.[46]

**دەرئەنجام**

لەم توێژینەوەیدا ئەم دەرئەنجامانەی خوراەوە دەست نیشان کراون :

١ -مەرجەعیەتی ئاینی لای شیعیەکان یەکەم و بەهێزترین لایەنی کاریگەرە بەسەر رای گشتی لە عێراقدا بە تابەت لە پاش ٩ی نیسانی سالی ٢٠٠٣ زاینی، بە هۆی ئەو ژینگە نوێیەی لە عێراق دروستبوو.

٢ -مەرجەعیەتی ئاینی، رێگەی جیاواز بەکار دێنێت سەبارەت بە پەیوەندی کردن لەگەل رای گشتی شیعی لە عێراقی وئاراستە کردنی بۆ داواکردنی مافە رەواکانیان .

٣ -مەرجەعیەتی ئاینی توانیویەتی چەندین پرۆژەی سیاسیی هێزە هاوپەیمانەکان ئاوەژوو بکاتەوە بە ئاڕاستەی پرۆژەی سیاسی خۆی .

٤ -مەرجەعیەتی ئاینی کراوە بووە لەروی ویلایەتە یەکگرتووەکان وهەموو جیهان و گوتارێکی بەکارهیناوە بە گوێرە و شێوازی یاسای نێودەولەتی و. بنەماکانی مافی مرۆڤ .

---

[45] المصدر السابق، ص/40.

[46] حامد الخفاف، المصدر نفسه، وثيقة رقم 17، ص/36.

٥ -مەرجەعیەتی ئاینی لەیەکەم پلەی کاریگەریە لەسەر درووست کردنی بریاری سیاسی لە عێراق بەکاریگەریەکەی لەسەر رای گشتی کە کاریگەرە لەسەر درووست کردنی بریار، هەر ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی خراپی بارودۆخی عێراق لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە، ئۆباڵ و بەرپرسیارییەتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی مەرجەعییەتی ئاینی شیعە چونکە دەسەڵاتی چاککردن هەبێت خراپکاریش بەرپرسیارییەتییە.

## لیستی کۆتایی سەرچاوەکان


### کتێبەکان

١. د.کمال منوفی، و:ئاوات ئەحمەد، تیۆرەکانی سیستمە سیاسییەکان، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، چاپخانەی یاد.

٢. یاسین تەها، ناکۆکییە نێوخۆییە سیاسییەکانی شیعە و لێکەتەکانی لەسەر دۆخی عێراق، بڵاوکراوەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕوداو، هەولێر ٢٠٢٠، چاپی یەکەم.

٣. د.دیاری ساڵح مەجید، کێبرکێی جیۆپۆلەتیکی لە دڵی عێراقی شیعەدا، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕوداو، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠.

٤. عەلی مەعموری، گۆڕانەکانی ململانێی شیعە و کاریگەرییان لەسەر نەخشەی سیاسی عێراق، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕوداو، هەولێر، ٢٠٢٠، چاپی یەکەم**سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان**

یاسین تەها، سەرچاوەکانی هێزی مەرجەعیەتی شیعە، لێکۆڵینەوە، ماڵپەری پەیسەر، ٢٠١٩/٥/١٦، مێژووی سەردانیکردن: ٢٠٢٠/١١/١٤.https://www.peyserpress.com/detail .

### سەرچاوە عەرەبییەکان

- الدكتور أحمد مختار عبد الحميد عمر، معجم اللغة العربية المعاصرة، 863/2 وسائل الشيعة.
- حسين بركة الشامي ,محمد مهدي الأصفي المفكر, الداعية والإنسان محطات ومواقف، ط1، 2015م، دار الإسلام بغداد.
- مختار الصحاح، مادة شاع، زين الدين أبو عبد الله محمد بن أبي بكر بن عبد القادر الحنفي الرازي (المتوفى: 666هـ)، المحقق: يوسف الشيخ محمد، المكتبة العصرية - الدار النموذجية، بيروت – صيدا، الطبعة: الخامسة، 1420هـ - 1999م.
- علي بن إسماعيل الأشعري أبو الحسن و علي بن إسماعيل الأشعري أبو الحسن، مقالات الإسلاميين واختلاف المصلين، دار حياء التراث العربي – بيروت، الطبعة الثالثة، تحقيق: هلموت ريتر.

- مارسيل بريلو، ترجمة محمد برجاوي، علم السياسة، من منشورات عويدات، بيروت، ص/11.
ثروت بدوي، النظم السياسية، دار النهضة العربية القاهرة 1989م.
- حمايدي دنيا، اتخاذ القرار في المنظمة بين العقلانية و ثقافة الفاعلين، جامعة د/ مولاي الطاهر – سعيدة، 2016 -2017، رسالة الماجستير.
- بدرهلة فريد، تآثير القادة على العملية اتخاذ القرارات في التنضيم الصناعي الجزائري، ٢٠٠٧، جامعة منتوري قسنطينة، رسالة ماجستير.
- المولى، سعود، الشيعة اللبنانيون في تبلور وعيهم الوطني، دار الجديد، بيروت ٢٠٠٧، ص؛٦٧ .
- الشيعية المعاصرة بين مدرستي النجف وقم، الكاظمي، فيصل: الحوزات لبنان نموذجا. دار المحجة البيضاء، بيروت، 2011م.
- حرز الدين، محمد: تحقيق محمد حسين حرز الدين، معارف الرجال، قم، مكتبة السيد المرعشي النجفي، 1986 الجزء الثالث.
- جعفر الشيخ باقر، ماضي النجف وحاضرها، محبوبة، بيروت، دار الأضواء،1886، الجزء الأول.
- د.جودت القزويني، المرجعية الدينية العليا عند الشيعة الامامية، دراسة في التطور السياسي والعلمي، دار الرافدين، ط1، بيروت،2005 م.
- محمد صادق الهاشمي رؤية في الحشد الشعبي :خط المقاومة في العراق، التأسيس والاستشراف ، مركز العراق للدراسات، بلا تاريخ.
- موقع سماحة السيد السيستاني، في كلمة القيت بالنيابة عنه في الملتقى الاول لعلماء السنة والشيعة في العراق في مدينة النجف الاشرف عام 2007.
- رسالة السيد السيستاني موجهة الى الاخضر الابراهيمي بتاريخ 2004/3/9 م، موقع السيد السيستاني.
- مقابلة مع السيد محمد رضا السيستاني نجل المرجع علي السيستاني، جريدة الحياة: العدد (14634)، 2003/4/18م.
- حسن العلوي، الشيعة والدولة القومية، دار روح الامين، ط1، ايران، 1426هـ، ص/325.
البيان بتاريخ 2004/6/6م.
- حامد الخفاف، النصوص الصادرة عن سماحة السيد السيستاني في المسألة العراقية، دار المؤرخ العربي، بيروت، لبنان، 2007، وثيقة رقم 2.
- د.حسن لطيف الزبيدي، العراق والبحث عن المستقبلمركز العراقي للبحوث والدراسات، العراق، الطبعة الأولى، النجف الاشرف، بيروت، 2008م، ص.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Attitude of Shia Marjai in The Poltical Process of Iraq After 2014

**Rekar Hassan Mohammed**
Department of Poltical system and public poltical, College of Political Sience, Salahaddin Univeristy, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
rekar.hassan5@gmail.com

**Sabah Subhi Haydar**
Department of Poltical system and public poltical, College of Political Sience, Salahaddin Univeristy, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Sabah.subhi@gmail.com

***Keywords:*** *Iraq, Shia, Marji, Ali al-Sistani,* Decision *making.*

## Abstract

The decision-making process is a complex process that passes through several stages and is influenced by many external and local factors. There are many factors that influence the decision-making process in Iraq, one of which is the Shiit supreme Marjah, which is superior to those parties and actors who have an important role in decision-making. This role is performed within the framework of counseling, and appears after the collapse of Saddam Hussein's regime in 2003. But after the emergence of ISIS and its threats and dangers, the political role of the Shiite supreme Marjah appeared more and more through the fatwa to counter ISIS.

---

## المواقف المرجعية الشيعي في العملية السياسية العراق بعد ٢٠١٤

**ملخص:**

عملية صنع القرار عملية المعقدة يمر بعدة المراحل ويتأثر بعناصر خارجية وداخلية. في العراق هناك عدة عناصر يؤثر على عملية صنع القرار منها مرجع الأعلى الشيعي، الذي تعتبر من أكثر العناصر المؤثرة على صنع القرار في العراق. وجاء هذا الدور بعد سقوط نظام البعث ويظهر في إطار الإرشادات لكن بعد ظهور الداعش وخطورته لجأ هذا المرجع إلى إصدار الفتاوى لمواجهة هذه الخطورة وأدى ذلك إلى تمكين المرجعية الشيعية أن يتمتع بدور أساسي في العملية السياسية في العراق.